# شاردنەوەی ناسنامەکان, بۆ بەرژەوەندی کێ؟!

**سالار ڕەشید**

هەروەکوو ئاشکرایە, فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی, ڕێکخراوی پەنابەرانە و خەبات و تێکۆشانی بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی بزووتنەوەی پەنابەرانە بۆ بەدەسهێنانی مافەکانیان. یانی بۆ کۆمەڵە خەڵکێك کە نائارامی و ناسەقامگیری دەوروبەرێك کە تیایدا ئەژین, لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئابووری کۆمەڵایەتییەوە, ناچاری کردوون کە دەستهەڵگرن لەو دەوروبەرە و بە دوای دەوروبەرێکی ئارام و گونجاو و باشتر, بۆ درێژەدان بە ژیانیان بگەڕێن.

فیدراسیۆن ڕێکخراوێکی سیاسی _ کۆمەڵایەتییە و کارەکانی بە شێوەی کەمپین ئەباتە پێشەوە. ئەمە سیاسەت و ڕێگەچارەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە, لە مەیدانی کار لەنێو پەنابەراندا.

کاتێك کە ئەڵێین فیدراسیۆن کەمپینی حیزبی کۆمۆنیستە, یانی ئەم حیزبە پێی باشە ڕێکخراوێك لە چەشنی فیدراسیۆن پێکبێت بەو سیما و خەسڵەتەوە, وە پێیوایە بۆ داکۆکیکردن لە پەنابەران ئەمە باشترین ڕێگەچارەیە.

ڕێکخراوێك کە دیاردەی پەنابەری زەمینەکەیەتی و تا ئەو کاتەی مەسەلەی پەنابەری وەك مەسەلەیەك لە ئارادابێت, ئەو دەزگا و هۆ و وەسیلەیەتی. ڕێکخراوێك کە دەست ئەخاتە سەر ڕیشەی دیاردەی پەنابەری و هۆیەکانی بە دیاریکراوی و بە ڕۆشنی لێك ئەداتەوە و بەیان ئەکات. وە هەر حیزب و لایەن و کەسێکیش کە ئەیەوێت هۆ و سەرچاوەی ئەسڵی ئەم دیاردەیە پەردەپۆش و لێڵ بکات, ڕیسوای دەکات و پەردەی لەسەر هەڵدەماڵێ.

ڕێکخراوێك کە بەرژەوەندی بەتەواوی جووتدێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی پەنابەران و نەك هەر هیچ ناکۆکییەکیان لە نێواندا نییە, بەڵکوو بەدەستهێنانی دانەبەدانەی داخوازییەکانی پەنابەران بە کاری جددی خۆی ئەزانێت. ئەمە سەرباری تێکۆشان بۆ لە ڕیشەدەرهێنانی هۆیەکانی پەنابەری و سڕینەوەی سنوور و جیاوازی نێوان ئینسانەکان.

ڕێکخراوێك کە لە بەرامبەر فەرهەنگی کۆنەپەرستانە و کۆن و داڕزیو, لەبەرامبەر بیروباوەڕی ڕاسیستی و ناسیۆنالیستی و فاشیستی و دابەشکردنی ئینسانەکان لەسەر بنچینەی وڵات و نەتەوە و ڕەگەز و ئایین و جنس دەوەستێتەوە و فەرهەنگ و بیروباوەڕی مۆدێرن و پێشکەوتنخواز و ئینسانی لە جێگایدا دائەنێ.

ئێمە وەك هەڵسوڕاوانی فیدراسیۆن ئەمانەمان باسکردووە و بە ڕۆشنی باسی ئەکەین. هەر ناڕۆشنییەك لەم بارەوە, لە سیما و پێکهاتەی ئەم ڕێکخراوە لەنێو پەنابەراندا, نەك هەر هیچ قازانجێکی نییە, بەڵکوو زەرەرمەندە و توانا و ئینێرژی و بەری تێکۆشانمان بەڕادەیەك بەهیچ ئەڕوات.

کاتێك کە ئەڵێین فیدراسیۆن کەمپینی حیزبی کۆمۆنیستە, ئەبێ ئەوەش بڵێین کە: ئەمە ناکاتە ئەوەی فیدراسیۆن ڕێکخراوی حیزبی کۆمۆنیست بێت.

فیدراسیۆن ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە. هەر پەنابەرێك سەر بە هەر مەیل و ڕێکخراوێکی سیاسی بێت وە یان نەبێت, ئازادانە و یەکسان بەشداری تێدا ئەکات. واتە فیدراسیۆن ڕێکخراوێکی عەقیدەتی و ئایدیۆلۆژیستی نییە و تەنها بە کۆمۆنیستەکانەوە بەرتەسك نابێتەوە, بەڵکوو ڕێکخراوی گشت پەنابەرانە, بە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژی و مەیلی سیاسی جیاوازیانەوە. بەڵام دیارە کۆمۆنیستەکان لەم مەیدانەدا, بە حوکمی تێکۆشانیان بۆ نەهێشتنی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەرجۆرە زوڵم و زۆر و ناعەدالەتی و بێمافی و هەڵاواردنێك لەنێو ئینسانەكاندا, تێكۆشەرانی ڕیزی پێشەوەن بە ناسنامەی خۆیانەوە.

كەواتە سەربەخۆبوونی فیدراسیۆن لە پێكهاتە و خەسڵەتیدایە, لە بڕیار و هەڵبژاردنەكانیدایە. بێگومان ئەمەش بەمانای, سەربەخۆبوون لە ئاسۆ و سیاسەت و گرایش و چینەكان نییە.

ئەگەر ئێمە كۆمۆنیستەكان بەو شێوەیە, بە ناونیشان و ناسنامەی خۆمانەوە لە مەیدانی كار لەنێو پەنابەراندا, فەعالییەتی خۆمان ئەبەینە پێش, ئەوا حیزب و لایەنێك هەن, نەك هەر بە ناسنامەی خۆیانەوە نایەنە مەیدان, بەڵكوو ئەیانەوێ هەر ڕێكخراوێكی تریش كە داكۆكی لە مافی پەنابەران ئەكات, ناسنامەی خۆی هەڵنەگرێ و لەنێو پەنابەران دەرنەكەوێ و نەناسرێت. ئەم حیزب و لایەنەش یەكێتی نیشتمانی كوردستانە, بە هاوكاری كەسانێك كە خۆیان بە چەپ و كۆمۆنیست ئەزانن. ئەمانە ئەیانەوێ ئەم ئەلگۆیە لە سیاسەت ڕەواج پێبدەن و بیكەنە تێگەییشتنی گشتی و شێوازێكی مەحبووب لەنێو پەنابەراندا.

سەرەتا ئەبێ ئەوە بڵێین كە: ئەم حیزب و لایەنە لەژێر فشاری بزووتنەوەی پەنابەران و ڕابەری ڕێكخراوی فیدراسیۆن نەبوایە, هیچ جوڵەیەكیان لەخۆ نیشان نەئەدا. لەڕاستیدا ئەوە فیدراسیۆنە كاری بۆ ئەمانەش دۆزیوەتەوە.

ئێستا جێگای خۆیەتی بپرسین: لەبەرچییە ئەم حیزب و لایەنە تەرویج بە سیاسەتێكی لەم جۆرە ئەدەن و چ بیانوویەكیان بەدەستەوەیە و بەدوای چییەوەن؟

یەكێتی نیشتمانی كوردستان وەك حیزبێكی دەسەڵاتدار لە كوردستان, بۆخۆی بەشێك لە نائارامی كوردستانی لەئەستۆدایە و لەبەرامبەر ئاوارەیی و دەربەدەرییەك كە بەسەر خەڵكی كوردستاندا هاتووە لێپرسراوە.

یەكێتی و پارتی بەدرێژایی مێژووی دەیان ساڵەیان چ پێش دەسەڵات و چ دوای دەسەڵاتیان خەڵكی كوردستانیان تووشی دەیان كارەساتی گەورە و دڵتەزێن كردووە. ئەگەر ئاوڕێك تەنها لە مێژووی هەشت ساڵی دەسەڵاتیان بدەینەوە, ئەوەمان بۆ ڕوونئەبێتەوە كە چ ڕۆڵێكیان گێڕاوە لە نەهامەتی و كوێرەوەرییەك كە بەسەر خەڵكی كوردستاندا هاتووە. شەڕی خوێناوی نێوان ئەم دوو حیزبە لە پێناو دەسەڵات و ئیمتیازی زیاتر, نواندنی هێزی خۆیان بۆ ئەمریكا و دەوڵەتەكانی ناوچەكە و حكوومەتی بەعس, تاوەكوو وەك هێزی سەرەكی بناسرێن و لەهەر سەودا و مامەڵەیەكدا ئەویان زیاتر بە حیساب بهێنرێت, كە بۆ هاوسەنگی هێزی نێوانیان گوێیان بەهیچ پرانسیپێك نەداوە و لەگەڵ دڕندەترین هێز و حكومەت دەستیان تێكەڵ كردووە و ئارامی كوردستانیان بەتەواوی شێواندووە.

دەستڕاكێشانی سوپای جمهوری ئیسلامی بۆ كوردستانی عێراق و زەربەدان لە ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی, دەستئاوەڵاكردنی تۆڕی جاسوسی و مرۆڤكوژی ئیتیلاعاتی ئێرانی بۆ تیرۆری كەسانی سیاسی و عەلمانی و كۆمۆنیست, بە هاوكاری و چاوساغی یەكێتی نیشتمانی كوردستانە. هێرش و دەخاڵەتی هەمووڕۆژەی سوپای دڕندەی توركیا لە كوردستانی عێراق, بە بەهانەی لێدانی هێزەكانی (پەكاكا) و وێرانكردنی دەیان گوند و كوشتوبڕی خەڵك.

دەستڕاكێشانی سوپای دڕندەی حكومەتی بەعس و گرتنەوەی شارەكانی كوردستان لەلایەن پارتییەوە, كە خەڵك بەهیچ جۆرێك نایەوێت جارێكی تر ئەو حكومەتە و ئەو سوپایە پێ بنێتەوە كوردستان. هەروەها دەستئاوەڵاكردنی تۆڕی جاسوسی و مرۆڤكوژی حیزبی بەعس لە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتیدا.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تیرۆرکردنی هەزارەها ژن لە کوردستان, ڕێگرییێکهێنان بۆ کاروفەعالییەتی حیزبی کۆمۆنیست و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی, ڕێگرتن بە کار و فەعالییەتی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و ڕۆژنامەکەی, دەرکردنی فتوای کوشتنی فەعالینی کۆمۆنیست و یەکسانیخواز و عەلمانی لەلایەن ڕەوتە ئیسلامییەکانەوە, کە ئەم دوو حیزبە دەستیان ئاوەڵاکردوون. ئەمانە و دەیان کارەساتی تر, وایکردووە کە کوردستانی عێراق ببێتە ناوچەیەکی نائارام و خەڵکی ئەم پارچە زەوییە, بۆ ساتێکیش لە ژیان و چارەنووسی خۆیان دڵنیا نەبن!

جا ئەگەر یەکێتی نیشتمانی ئەمە کارنامەی بێت و خۆی هۆکاری دیاردەی پەنابەری بێت, ئەبێ چ هەڵوێستێکی هەبێت لەبەرامبەر مەسەلەی پەنابەریدا؟!

بێگومان هەڵوێستی ئەم حیزبە ئەبێ شاردنەوەی ناسنامەی خۆی بێت, وە بەهیچ شێوەیەك نەوێرێ بەناوی خۆیەوە شتێك بڵێت. چونکە ئەزانێت لەلایەن پەنابەرانەوە چ وەڵامێك وەرئەگرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر حیزبێك خۆی هۆکاری پەنابەری بێت ناتوانێت داکۆکی لە مەسەلەکەشیان بکات.

یەکێتی نیشتمانی هەر بەوەندەوە نەوەستاوە کە هەلومەرجێکی نالەبار لە کوردستاندا بخوڵقێنێ و خەڵك تووشی دەربەدەری و ئاوارەیی بکات. بەڵکوو تاوانبارە لە هەلومەرجێکیش, کە ئێستا پەنابەران لە وڵاتەکانی ئەوروپا تیایدا ئەژین.

نوێنەران و سەرانی ئەم حیزبە, کاتێك کە لەگەڵ لێپرسراوان و سەرانی حکومەتی ئەم وڵاتانەی ئەوروپا, چاویان بەیەکتر ئەکەوێت, بە قازانجی سیاسەتی ئەم وڵاتانە و لە دژی بەرژەوەندی پەنابەران قسەئەکەن. تاوەکوو لەم کەناڵەشەوە و لەسەر حیسابی بازرگانیکردن بە چارەنووسی پەنابەرانەوە, بە ئیمتیاز و دەسکەوتێکی تر بگەن.

سەرانی ئەم حکومەتانە زۆرجار باسی ئەوە ئەکەن, کەچۆن لەگەڵ حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دانیشتوون و شایەتی ئامنبوونی کوردستانیان لێوەرگرتوون. مەگەر ئەمە گاڵتەکردن نییە بەم کۆمەڵە ئینسانە پەنابەرە, لەلایەن حکومەتەکانی ئەوروپاوە؟! ئایا ئەمە هیچ مانا و ناوەڕۆکێکی هەیە, کە ئەم حکومەتانە شایەتی تاوانباران قبوڵئەکەن و خۆیان لەو هەموو نەهامەتییەی کە لە کوردستاندا هەیە گێل ئەکەن؟! ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم حکومەتانە, بەهیچ جۆرێك دان بە شەرعیبوونی حکومەتی حیزبەکانی کوردستانیشدا نانێن!!

جا ئەگەر یەکێتی نیشتمانی لەم لایەنەشەوە ئەمە هەڵوێستی بێت, ئەوا دیسانەوە ناتوانێت بە ناسنامەی خۆیەوە بێتەمەیدان و هەر لەبەرئەمەیە, کە ئەم حیزبە بۆ داکۆکیکردن لە پەنابەران و وەستانەوە بە دژی بڕیاری نامرۆڤانەی ئەم حکومەتانە سەبارەت, بە ئامنبوونی کوردستان و قبووڵنەکردن و گێڕانەوەی پەنابەرانی کورد بۆ کوردستان, نەك هەر تەنها لافیتەیەك بەناوی خۆیانەوە بەرزناکەنەوە, بەڵکوو ناتوانێت یەك نامەی ناڕەزایەتیش بۆ لێپرسراوان و سەرانی ئەم حکومەتانە بنێرێ(هەروەك چۆن دەیان حیزب و ڕێکخراوی ئەوروپا, تەنها لە ڕوانگەی مرۆڤدۆستییانەوە ئەم کارەیان کردووە.), چونکە ئەمجارەیان ڕووبەڕووی قسەی توندی ئەم حکومەتانە ئەبنەوە, چونکە پێچەوانەیە لەگەڵ قسەی کۆبوونەوە داخراوەکانیان.

ئەگەر کەسانێك هەن پێیان خۆشنییە ئەم ڕاستییانە دەرکەون و نکوڵی لە هەڵوێستی دژیپەنابەری حیزبەکەیان ئەکەن, با بێن و بە ئاشکرا بەیاننامەی ناڕەزایەتی خۆیان بە ناسنامەی خۆیانەوە دەربکەن و بیدەن بە لێپرسراوانی ئەم دەوڵەتانە!

ئەم داوایە لە حیزب و لایەنێك کە لەو تاوانانە نەگلابێ, زۆر ئاسایی و ئاسانە. بەڵام بۆ حیزب و لایەنێك کە ئەمە حەقیقەت و ناوەڕۆکێتی گەلێك قورس و گرانە. کەواتە بەهیچ جۆرێك چاوەڕوانی لەم حیزبە ناکرێت کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له مه‌یدانی بزووتنه‌وه‌ی په‌نابه‌راندا به ناسنامه‌ی خۆیه‌وه بێته‌مه‌یدان. وه له ڕاستیدا بزووتنه‌وه‌ی په‌نابه‌ران به‌ته‌واوی پێچه‌وانه‌ی به‌رژه‌وه‌ندی ئه‌م حیزبه‌یه و هه‌ر پێشڕه‌وییه‌ك له‌م مه‌یدانه‌دا مایه‌ی نیگه‌رانییه بۆ ئه‌وان.
لێره‌دا ئه‌و پرسیاره دێته پێشه‌وه: ئه‌گه‌ر یه‌کێتی خۆی هۆکاری په‌نابه‌رییه و بزووتنه‌وه‌ی په‌نابه‌ران له پێناوی داواکانیان و هه‌ر پێشڕه‌وییه‌ك له‌و ڕاستایه‌دا دژی به‌رژه‌وه‌ندی ئه‌وان بێت, هۆی چییه ئه‌فرادی ئه‌م حیزبه ده‌ستیان داوه‌ته جموجۆڵ, گوایه داکۆکی له په‌نابه‌ران ئه‌که‌ن؟!
هه‌روه‌کوو له پێشه‌وه ئاماژه‌مان بۆی کرد, که بزووتنه‌وه‌ی په‌نابه‌ران به ڕابه‌رایه‌تی جه‌دی فیدراسیۆن, ئه‌مانه‌ی خستۆته ژێر فشار و ناچاری کردوون ده‌ست بده‌نه کارێك له‌م مه‌یدانه‌دا. هاتنه‌مه‌یدانیشیان ته‌نها بۆ داکۆکیکردنه له حیزبه‌که‌یان, نه‌ك بۆ دیفاع له داخوازییه‌کانی په‌نابه‌ران.
هاتنه‌مه‌یدانی ئه‌م حیزبه له‌م باره‌وه بۆ ئه‌وه‌یه ته‌بریه‌ی تاوانه‌کانی بکات و به‌رچاوی خه‌ڵك لێڵ بکات, وه به‌ر به یه‌کگرتنی په‌نابه‌ران بگرێت و هه‌وڵ بدات ڕابه‌رایه‌تی فیدراسیۆن نه‌چه‌سپێت. به‌کورتییه‌که‌ی, له هه‌وڵی ئیحتیواکردنی بزووتنه‌وه‌ی په‌نابه‌راندایه.
هه‌رچی ئه‌و که‌سانه‌شه که خۆیان به چه‌پ و کۆمۆنیست ئه‌زانن و بوونه‌ته هاوپه‌یمانی ئه‌م حیزبه, گوایه ئه‌یانه‌وێ سوود له نفوزی ناسیۆنالیزم وه‌ربگرن! ئه‌گه‌ر وامان دانا ئه‌م نفوزه‌ی ئه‌مانه باسی ئه‌که‌ن ڕاستییه‌کی تێدا بێت, ئایا له حاڵه‌تی وادا کۆمۆنیسته‌کان ئه‌بێ ته‌سلیم به‌و هه‌لومه‌رجه بن؟! وه‌یان نه‌خێر خه‌بات و تێکۆشانیان بۆ که‌مکردنه‌وه‌ی ئه‌و نفوزه بێت, که بۆ خۆی خاڵی لاوازی بزووتنه‌وه په‌نابه‌ران پێکئه‌هێنێت؟ ئایا هه‌ڵوێستی کۆمۆنیستی له‌و کاته‌دا سپیکردنه‌وه‌ی ڕووی ڕه‌شی تاوانبار و ته‌بریه‌کردنێتی له‌و تاوانانه‌ی که کردوویانه؟! وه‌یان نه‌خێر, په‌رده‌له‌ڕووهه‌ڵماڵین و ته‌ریکخسته‌وه‌یانه؟! به‌ڵام ئاشکرایه که ڕاستی مه‌سه‌له‌که, خزمه‌تکردن به به‌رژه‌وه‌ندی په‌نابه‌ران و هوشیارکردنه‌وه‌یان نییه. به‌لای ئه‌مانه‌وه گرنگ نییه خزمه‌ت به کێ ئه‌که‌ن, گرنگ ئه‌وه‌یه ڕێگری له‌به‌رده‌م کاری فیدراسیۆن و سیاسه‌تی حیزبی کۆمۆنیست پێك بهێنن. ئه‌مانه له‌م خاڵه‌دا له‌گه‌ڵ یه‌کێتی یه‌ك ئه‌گرنه‌وه. ئه‌م یه‌کگرتن و ئیزدواجه‌یان لێ پیرۆز بێت!
ئه‌مانه پێکه‌وه هه‌وڵیان کردۆته یه‌ك و ته‌رویج به‌وه ئه‌ده‌ن, که پێویسته کۆمیته‌ی سه‌ربه‌خۆ پێك بێت و هیچ لایه‌نێك به ناسنامه‌ی خۆیه‌وه نه‌یاته مه‌یدان. که ئه‌م جۆره ته‌بلیغاته بۆ خۆشیان جێگه‌ی بڕوا نییه. ئه‌وانیش چاك ئه‌زانن ئه‌نجامدانی ئه‌م کاره به قازانجی سیاسه‌تی کێ ئه‌به‌نه پێشه‌وه. به‌ڵام له‌ڕاستیدا سه‌ربه‌خۆییه‌ك که ئه‌مانه باسی ئه‌که‌ن, یانی سه‌ربه‌خۆ له فیدراسیۆن و سه‌ربه‌خۆ له سیاسه‌تی حیزبی کۆمۆنیست, یانی سه‌ربه‌خۆ له به‌رژه‌وه‌ندی په‌نابه‌ران..... که ئه‌مه‌ش بۆخۆی جۆرێکی تره له سیاسه‌ت و خزمه‌ت به سیاسه‌تی حیزبێك ئه‌کات.
به پێچه‌وانه‌ی ئه‌مانه‌وه, ئێمه ئه‌وه به قازانجی خۆمان و په‌نابه‌ران ئه‌زانین, که هه‌ر حیزب و لایه‌نێك ئه‌گه‌ر زه‌ڕه‌یه‌ك قازانجی له‌گه‌ڵ قازانجی په‌نابه‌راندا یه‌ك ئه‌گرێته‌وه, با به ناو و ناسنامه‌ی خۆی و شیعاری خۆیه‌وه بێته مه‌یدان. تاوه‌کوو په‌نابه‌ران له ڕێڕه‌وی خه‌باتیاندا هه‌ر حیزب و لایه‌نێك بناسن و بڕیاریان له‌سه‌ر بده‌ن. تاوه‌کوو هه‌ر حیزب و لایه‌نێك که ده‌سکه‌وتێکی بۆ په‌نابه‌ران به‌ده‌ستهێناوه, وه‌یان شکستێکی بۆ تۆمار کردووه و به لاڕێدا بردوویه‌تی, لای په‌نابه‌ران ئاشکرا و مه‌علوم بێت.
تاوه‌کوو په‌نابه‌ران له ڕێڕه‌وی خه‌باتیاندا و هێدی هێدی, ئه‌و لایه‌نه‌ی دڵسۆزانه بۆ به‌رژه‌وه‌ندییان هاتۆته مه‌یدان, وه‌ك ڕابه‌ری خۆیان بناسن و متمانه‌ی پێ ببه‌خشن. وه هه‌ر لایه‌نێکی تریش که مه‌به‌ستی زه‌ربه‌دانه له په‌نابه‌ران, بێمتمانه و ته‌ریك و ڕیسوای بکات.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**ئێمە وەك پەنابەران... ئێمە وەك كۆمۆنیستەكان, بە پێچەوانەی ئەو حیزبانەوە, قازانجمان لە ئاشكراكردنی ناسنامەكاندایە. ئەم حیزبانەش ئەمە چاك ئەزانن. هەربۆیە پێیان خۆشە ئێمەش ناسنامەی خۆمان بشارینەوە, تاوەكوو نوێنەر و ڕابەری واقیعی پەنابەران جێ نەكەوێ. چونكە بەمە ئەوان ڕیسواتر ئەبن, وە ئیتر ناتوانن هەر ڕۆژە و بە گوێرەی مەیل و قازانجیان, پەنابەران بە لاڕێدا بەرن.**

**ئێمە نەك هەر ناسنامەی خۆمان ناشارینەوە, بەڵكوو داوا لە گشت حیزب و لایەنێكی كوردستانی عێراقیش ئەكەین, كە هەڵوێستی خۆیان ڕاشكاوانە و بە ناوی خۆیانەوە بخەنە ڕوو. ئەوەتا دەیان حیزب و ڕێكخراو و سەندیكا لەم وڵاتانەی ئەوروپا, بەناوی خۆیانەوە پشتیوانی خۆیانیان لە پەنابەرانی كورد و عێراقی دەربڕیوە.**

**وەرن...! بە پێچەوانەی حیزبەكانتانەوە, وەك مرۆڤێكی پەنابەر لە بەرانبەر بەرژەوەندی خۆتان مەوەستنەوە, ئەگەرچی سەرانی ئێوە بەم كارەتان لێتان ڕازی نابن! وەرن, وەك ئینسانی پەنابەر قسەی دڵی خۆتان بكەن و بەرگری لە قازانج و بەرژەوەندی پەنابەریتان بكەن!**

1999.12.12



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com